# چاکەکانی ڕۆژوو

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. أَمَّا بَعْدُ ...

چەندەها ئایەتی ڕون و ئاشکرای قورئانی پیرۆز هاتوون ، هانی ڕۆژوو گرتن دەدەن وەکو هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای بالادەست و بەتوانا ، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ چاکەکانی ئەم پەرستنە ، وەکو : ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ [الأحزاب : ٣٥].واتە : خوای پەروەردگار ... ، وە بۆ ڕۆژووانی پیاوان و ئافرەتان...لێخۆشبوون و پاداشتێکی گەورەی بۆ ئامادە کردون .

یان فەرموویەتی :

﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ [البقرة : ١٨٤] ،

واتە : بێگومان ڕۆژوو گرتن چاکترە بۆتان ئەگەر بەو کارە بزانن .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەکانیدا ئەوەی بۆ ڕون کردووینەتەوە کە : ڕۆژوو قەڵایە بەرامبەر ئارەزووەکانی ، وە پارێزەریشە لە ئاگری دۆزەخ ، و خوای گەورەش دەرگایەکی لە دەرگاکانی بەهەشتی تایبەت کردووە بە ڕۆژوانانەوە ، و ڕۆژوو گرتن نەفس دەگرێتەوە لە تاوان و ئەوانەی ئارەزووی دەکات ، تا ئەبێتە دەروونێکی ئارام و خۆگر ، هەروەها ئەو پاداشتە زۆر چاکانەی کە سەبارەت بە ڕۆژووان هاتووە ، لە فەرموودە(**صحیح**) ە کاندا بە ئاشکراترین شێوە ئاماژەی بۆ کراوە.



## ١- ڕۆژوو پارێزەرە :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمان دەکات بەو کەسانەی کە ئارەزووی ژن هێنانیان لا بەهێزە و توانای ژن هێنانیان نیە ، فەرمانیان پێ دەکات بە ڕۆژوو گرتن و کردوویەتی بە سەرکوت کەری ئەو ئارەزووانە ، چونکە توانای ئەندامەکان کۆت دەکات لە ناردنیان و ئەندامەکان ئارام دەکات و هەموو هێزێك جڵەو دەکات لەسەر کەشی . ئەوەش سەلمێنراوە کە ڕۆژوو کاریگەریەکی سەر سووری هێنەری هەیە بۆ پاراستنی ئەندامەکانی لەش و هێزە دەرونیەکان .

لەبەر هەموو ئەمانە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " يا معشرَ الشبابِ مَن استطاعَ منكم الباءَةَ (*) فَلْيَتَزَوَّجْ ، فإنَّهُ أغضُّ لِلْبصرِ ، وأحْصَنُ للفرجِ ومَنْ لم يَستَطِعْ ، فَعَلَيْهِ بالصوْمِ ، فإنَّه لَهُ وِجاء " أخرجه البخاري

واتە : ئەی کۆمەڵی لاوان هەر یەکێك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت ، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی ناڕەوا ، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە ، ئەوەش توانای ژن هێنانی نەبوو ، با پەنا بەرێتە بەر ڕۆژوو گرتن ، چونکە سەرکوت کەرەوەی ئارەزووەکانە .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " مَا مِنْ عَبْدٍ يَصُومُ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللهِ إلا بَاعَدَ اللهُ بِذَلِكَ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفاً " أخرجه البخاري

واتە : هەر بەندەیەك لە بەندەکانی خوا ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت لە پێناوی خوای پەروەردگار ، ئیللا بە هۆیەوە خوای پەروەردگار ڕوومەتی لە ئاگری دۆزەخ ( ٧٠ ) حەفتا پایز ( واتە : ساڵ ) دوور دەخاتەوە .

(*) **الباءة** : بریتیە لە هەموو جۆرە توانایەك بۆ ژن هێنان .



## ٢- ڕۆژوو ڕۆژووان دەخاتە بەهەشتەوە :

ئەی بەندەی گوێ ڕایەڵ : خوای پەروەردگار کۆمەکیت کات بۆ گوێڕایەڵی کردنی و پشتوانیشت بێت بە ڕەحمەتی خۆی : پاش ئەوەی کە زانیت ڕۆژوو ڕۆژوان دوور دەخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ ، ئەوەش بزانە کە هەر ئەویشە لە خۆشیەکانی بەهەشت نزیکت دەکاتەوە ، لە ( **أبو أمامة** ) وە دەگێڕنەوە ﵁ کە فەرموویەتی : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردەوەیەکم پیشاندە بە هۆیەوە بڕۆمە بەهەشتەوە ، ئەویش فەرمووی : " عَلَيْكَ بِالصَّوْمِ ، لا مِثْلَ لَهُ " أخرجه النسائي : ( ٤ / ١٦٥ ) ، وسنده صحيح .

واتە : بەڕۆژوو بە ، ڕۆژووش هاوشێوەی نیە .

## ٣ - ٤- ٥- پاداشتی ڕۆژووان پاداشتێکی دیاری نەکراوە ، ڕۆژووان دوو خۆشی بۆ هەیە ، بۆنی دەمی ڕۆژووان لەلای خوا لە بۆنی میسك خۆشترە

لە ( **أبو هريرة** ) وە ﵁ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : هەموو کردەوەی ئادەمیزاد بۆ خۆیەتی تەنها ڕۆژوو نەبێ بۆ منە ( واتە : هەمووی پاداشتێکی دیاری کراوی هەیە ڕۆژوو نەبێ پاداشتی دیاری نەکراوە ) ، ڕۆژووش پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ ، هەر یەکێ لە ئێمە بە ڕۆژوو بوو باواز لە ووتەی پڕو پوچ بێنێ و هاوار نەکات ، وە ئەگەر کەسێك جوێنی بە یەکێك لە ئێوەدا یان شەڕی پێ گێڕا با بڵێ : من بەڕۆژووم ، سوێند بێت بەو زاتەی کە نەفسی ( **محمد** ) ی بەدەستە : بۆنی دەمی ڕۆژووان لای خوا خۆشترە لە بۆنی میسك ، ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە و دەستی دەکەوێت : ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێ پێ خۆشحاڵ دەبێت ، وە ئەگەر چاوی بە خوای خۆی کەوت خۆشحاڵ بەڕۆژوو گرتنەکەی . أخرجه البخاري : ( ٤ / ٨٨ ) رقم : ( ١٩٠٤ ) .

## ٦ ـ ڕۆژوو و قورئان شەفاعەت دەكەن بۆ خاوەنەكەیان :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " الصِّيامُ والقُرآنُ يَشْفَعانِ لِلْعَبْدِ يومَ القيامةِ ، يقولُ الصِّيامُ : أيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطعامَ والشَّهوةَ فَشَفِّعْني فيه ، ويقولُ القرآنُ : مَنَعْتُهُ النَّومَ بالليلِ ، فَشَفِّعْني فيهِ ، قالَ : فَيُشَفَّعانِ " أخرجه أحمد : ( ٦٦٢٦ ) وسنده حسن

واتە : ڕۆژوو و قورئانی پیرۆز شەفاعەتە دەكەن بۆ خاوەنەكانیان لە ڕۆژی دوایدا ، ڕۆژوو دەڵێت : پەروەردگارم خواردن و ئارەزووەكانم لێ قەدەغە كردبوو لە دنیادا ، خوایە لەبەر من لێی خۆشبە ، قورئانیش دەڵێ : منیش شەوان خەوم لێ قەدەغە كرد بوو ، جا خوایە لەبەر من لێی خۆشبە ، پاشان فەرمووی : خوای پەروەردگار لەبەر ئەوان لێی خۆش دەبێت ، واتە : هەردوو دەبن بەشەفاعەتكار بۆی .

## ٧ ـ ڕۆژوو كەفارەتی هەندێ تاوانە :

لەو تایبەت مەندیانەی كە ڕۆژوو لە پەرستنەكانی تر جیا دەكاتەوە ، ئەوەیە كە خوای پەروەردگار كردوویەتی بە كەفارەت بۆ ئەو كەسانەی كە سەر ناتاشن لەكاتی حەج كردنیاندا بەهۆی نەخۆشیەك ، یان یان ئازارێك كە لەسەریاندا هەیە ، وە بۆ ئەو كەسانەی كە توانای قوربانیان نیە ، وە بۆ ئەو كەسانەی كە بەهەڵە خاوەن پەیمانێك دەكوژن ( **المعاهد** ) ، وە بۆ بەجێهێنانی سوێند ، وە بۆ كوشتنی نێچیر لە كاتی ئیحرام كردندا هێنانی سوێنەخۆشیەك ، یان ئازارێك لەسەریان دا هەیە ، و بۆ ئەو كەسانەی كە توانای قوربانیان نیە یان بۆ ئەو كەسەی كە ئیحرامی حەجی پۆشیوە و ڕاو بكەن ، وە ئەو كەسانەی كە ( **ظهار** ) دەكەن . واتە : بەخێزانەكەی بڵێت : تۆ وەكو دایكم وایت

هەروەها هاوبەشیش دەبێت لەگەڵ نوێژ و زەكاتدا بۆ كەفارەتی تاوانی ئەو فیتنانەی توشی پیاوان دەبن لە بواری دارای و كەس وكار و دراوسێ كانیەوە .



## ٨ ـ دەرگای ( الرَّيان ) تەنها بۆ ڕۆژووانانە :

لە ( **سهل** ) ی كوڕی ( **سعد** ) وە رضي الله عنه دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

" إنَّ في الجَنَّةِ باباً يُقالُ لَهُ الرَّيان يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يومَ القيامةِ ، لا يَدْخُلُ مِنْهُ أحَدٌ غَيرَهُم ، فإذا دَخَلُوا أُغْلِقَ ، فَلَم يَدْخُلْ مِنهُ أَحَدٌ ، فإذا دَخَلَ آخرُهُم أُغْلِقَ ، وَمَنْ دَخَلَ شَرِبَ وَمَنْ شَرِبَ لم يَظْمَأْ أَبَداً " أخرجه البخاري : رقم : ( ١٨٩٦ ) ومسلم رقم : ( ١١٥٢ )

واتە : بەیەكێك لە دەرگاكانی بەهەشت دەوترێت ( **الرَّیان** ) ، تەنها ڕۆژووانی لێوە دەچێتە ژوورەوە لە ڕۆژی دوایدا ، هیچ كەسێك جگە لە ڕۆژووانان لەم دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە ، ئەم دەرگایە دوای چونە ژوورەوەی ڕۆژووانان دادەخرێت ، ئیتر كەسی لێوە ناچێتە ژوورەوە ، یان : ئەگەر دوا كەسی ڕۆژووانان چووە بەهەشتەوە ئەوا ئەم دەرگەیە دادەخرێت ، ئەو كەسەیش لەم دەرگایە بڕواتە ژوورەوە ئاوێك دەخواتەوە ، ئەوەش ئەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز تیونوی نابێت .

## چاكەكانی مانگی ڕەمەزان

ڕەمەزان مانگی خێر و بەرەكەتە ، خوای پەروەردگار چەندین چاكە و فەزڵی ئاشكرای پێ بەخشیوە ، ئەوەش ئەم شێوانەی خوارەوەیە :

١ ـ مانگی ڕەمەزان مانگی قورئانی پیرۆزە .

٢ ـ شەیتانەكان كۆت دەكرێت و دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن و دەرگاكانی بەهەشت دەكرێنەوە .

٣ ـ بوونی شەوی قەدر ( ليله القدر ) تیایدا .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

ba8.org ba8.org ba8kurdi



ماڵپەڕی بەهەشت

# فەزڵ و گەورەیی و پاداشتی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان




ئامادەكردنی : مامۆستا عدنان بارام

٤